### عەبدولکەریم هاشم یاریزانی بەرزکردنەوەی قورسایی:

# هیوادارم لە پاڵەوانیەتی جیهانی و ئۆڵۆمپیات ئاڵای کوردستان بەرز بکەمەوە

دیمانە: کارزان کانەبی

عەبدولکەریم هاشم لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٥ی شاری هەولێرە و دەرچووی پەیمانگەی وەرزشییە و ئێستاش قوتابی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە و یەکێك لە یاریزانە لاوەکانی شاری هەولێرە کە لە ساڵی ٢٠٠٢ـەوە تێکەڵی یاریی بەرزکردنەوەی قورسایی بووە و چەندین ئەنجامی گەورەی بەدەستهێناوە، ئێستاش یاریزانی یانەی هەولێر و هەڵبژاردەی بەرزکردنەوەی قورسایی عێراقە، ئێمەش لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.



***چۆن بوو ئەم یارییە قورسەت هەڵبژارد کە یاریی ئاسنە؟**

-لە ساڵی ٢٠٠٢ یاری بەرزکردنەوەی قورساییم هەڵبژارد بە هۆی براگەورەکەم کە یەکێکە لە پاڵەوانەکانی بەرزکردنەوەی قورسایی بوو لە سەر ئاستی عێراق و وڵاتانی عەرەب و خاوەنی ملوانکەی زێڕە، ئەو یەکەم هۆکار بوو بۆ پەلکێشکردنی من بۆ هەڵبژاردنی یاریی بەرزکردنەوەی قورسایی.

***ئاستی ئەم یارییە لە کوردستان بە گشتی چۆن دەبینی؟**


- ئاستی ئەم یارییە لە کوردستاندا پێشکەوتنێکی زۆرباشی بەخۆیەوە بینیوە، هەر لە ساڵانی ١٩٨٠ـەوە تاوەکو ئێستا بەردەوام پاڵەوانی دروستکردووە، ژمارەیەکی بەرچاو چوونەتە ئاستەکانی پاڵەوانییەتی عەرەبی و ئاسیا و جیهانی و ئەنجامەکانیان دیارن.

*** ئەی لە شاری هەولێردا ئەو یارییە لە چ ئاستێکدا دەبینی؟**

- بێگومان شاری هەولێر قوتابخانەیە بۆ یاریی بەرزکردنەوەی قورسایی و لە ئاستێکی زۆر باشدایە کە توانای بەراوردی پاڵەوانانی جیهانی دەکرێ، زۆربەی پاڵەوانەکان لە شاری هەولێر درووست بوون.

***بۆچی ئەم یارییە وەکو پێویست نییە کە یاریزانان رووی تێبکەن؟**

- یاریزانان بە کەمی روو لەم یارییە دەکەن بەهۆی پێویستی و تایبەتمەندیی ئەم یارییە بە توانا و تەرکیز و خێرایی، هەروەها کەمیی ئەنجامدانی پاڵەوانتییەکان کە ساڵانە، یان دوو ساڵ جارێك ئەنجام دەدرێت، ئەمانە هەمووی



هۆکارن بۆ کەمیی یاریزانان لەم یارییە.

***کێشـــەو گرفتتـــان لە یـــاری بەرزکردنەوەی قورسایی چییە؟**

- یاری بەرزکردنەوەی قورســاییش وەکو هەموو یارییەکانی دیکە کێشەی هەیە، دەتوانرێ بە بودجەیەکی کەم چەند یاریزانێکی بەتوانا دروســت بکرێــت و ملوانکەی زێڕین لە پاڵەوانەتییەکانی ئاســیا و عەرەبی بەدەست بهێنن، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا تەنها یانەی وەرزشیی هەولێــر گرنگی بەو یارییە دەدات، ئەویش بە توانایەکی ماددی زۆر سنووردارەوە، نەکردنەوەی خول و سەربازگەی مەشقی بۆ یاریزانان لە دەرەوەی وڵات، نەبوونی راهێنەرێکی نێودەوڵەتی و بەشـــدارینەکردنی یانەکانـــی هەولێر لە پاڵەوانەتییەکاندا ئەوانە هەمووی کێشـــەی ئەم یارییەن لە کوردستاندا.

*** یانەکەتان وەکو پێویست هاوکاریتان دەکات؟**

- بەڵێ بە گوێرەی ئەو توانا کەمەی هەیەتی تا رادەیەکی زۆر باش هاوکاریمـــان دەکات، بەڵام بەهۆی ئـــەو قەیرانە داراییەی دووچاری کوردستان بووەوە لە ٢٠١٤ ئێمە وەك راهێنەران و یاریزانان بۆ زیاتر لە (١٣) مانگ، بەبێ مووچە بەردەوامبووین.

*** بەهۆی ئەو گرفتە ئەمنییەی هەیە ئێستاش لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق بەردەوامیت؟**

- لە ســاڵی ٢٠٠٧ ـەوە لە ریزی هەڵبژاردەی عێراقم و ئێســتاش بەردەوامم.

*** هیوا و ئاواتت وەکو کوڕە وەرزشکارێك چییە؟**

- هیواخوازم بتوانم لە پاڵەوانیەتی جیهانی و ئۆلۆمپیات بەشـــداربم و ئاڵای دەوڵەتی کوردستان بەرزبکەمەوە.

*** بۆپێشکەوتنی ئەم یارییە چی بکرێت باشە؟**

- دابینکردنی هۆڵێکی تایبەت بە یاریی بەرزکردنەوەی قورســایی بە ستاندەری نێودەوڵەتی و هاوکاریکردنی یاریزانان لە رووی ماددی و مەعنەوییەوە، دڵنیام لــە ماوەیەکی کەمدا ئەنجامێکی بەرچاوی لەسەر ئاستی عەرەبی و ئاسیادا دەبێت.

***داواکاری و پێشنیارت بۆلایەنی بەرپرس چییە؟**

- بەهیــوای ئەوەم زیاتر گرنگی بە یارییە تاکەکان بدرێت لەســەر ئاستی کوردستان، چونکە لەم یارییانە ئەنجامی گەورە بەدەستدێت.

*** بە یاریزانانی چ وڵاتێك سەرسامیت لەجیهاندا؟**

- بەڕاستی سەرسامم بە ئاستی یاریزانانی هەڵبژاردەی رووسیا و ئێران و چین و ئێستاش تورکیاش لە کێبڕکێیەکان هاتۆتە پێشەوە و هەوڵی بە سیاسیکردنی یارییەکان دەدات، بــۆ نموونــە بەڕێوەچوونی پاڵەوانیەتــی بەرزکردنەوەی قورسایی لە ئەنتالیا.

***بۆچی ئێستا کەمتر لە پاڵەوانیەتییەکان دەبیندرێی؟**

- لەبەرئەوەی من لە کێشی (٧٧کغم)دا تاکە یاریزانی کوردم کە بەشداربم لە ریزی هەڵبژاردەی عێراق، هەروەها ئەم کێشەی نێوان کورد و بەغدا منیش بەشـێك بـووم لەوانەی ئەو باجەم داوە، بۆ نموونە مانگی ٤ بەشـداریم کرد لە کەمپێکی مەشقی زیاتــر لە ٨٥ رۆژ بۆ پاڵەوانیەتی جیهانی لە مۆســکۆ، بەڵام دوای نەبوونی رکابەرم بەشـدارییان پێ نەکردم، لە مانگی ٨ بانگیانکردم بۆ بەشـداریکردن لە پاڵەوانیەتی ئاسیادا لە وڵاتی کۆریا بەهەمان شـێوە بەشـداریم پێنەکرا، هەروەها لە مانگی ١٠ بانگکــرام بۆ پاڵەوانیەتی ئاسـیا لە وڵاتی کازاخســتان دیســانەوە بەشـداریم پێنەکرا، هەروەها لە مانگی ١ی ساڵی ٢٠١٥ بانگهێشــتکراوم بــۆ بەشـداری لەپاڵەوانیەتی وڵاتی قەتەر، بەڵام دیســان رەتیانکردەوە بەشـداریم پێبکەن، هەموو ئەوانــەش دەگەڕێتەوە بۆ خراپی پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیی بەرزکردنــەوەی قورســایی هەرێمــی کوردســتان و یەکێتیی بەرزکردنەوەی قورسایی عێراق، من بڕوام بەتواناکانم هەیە و بە پشتبەستن بە خوای گەورە، دەمتوانی چەندین ملوانکەی دیکە بۆ کوردستان بەدەست بهێنم.

***باشترین ئەنجامەکانت وەکو یاریزان تا ئێستا چی بوون؟**

- باشــترین دەســتکەوتەکانم لە پاڵەوانیەتــی عەرەبی (٣) ملوانکەی زێڕ و لە پاڵەوانیەتی ئاسیا لە وڵاتی تایلەند توانیم (٣) ملوانکــەی زێڕ بەدەســت بێنم بە پلــەی یەکەم چەندین ئەنجامی باشیشم لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان هەبووە.

***بەرنامەت بۆ داهاتووی خۆت چییە ؟**

- هەوڵــدەدەم بەردەوامبم لە مەشــق و راهێنانەکان بۆ ئەوەی بتوانم ئەنجامی شایستەتر لە پاڵەوانیەتییەکان بەدەستبهێنم.

***ئەگەر شتێکت لە کۆتاییدا مابێت؟**

-ســوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان بۆ بەسەرکردنەوەی بەردەوامی یاریزانان، ســوپاس بــۆ راهێنەران (خەســرۆ ئیســماعیل و د.عەبدولســەمەد) کە بۆ بەردەوامبوونم لــە یاریکردن هانیان داوم، هەروەها زۆر سوپاسی دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشی هەولێر دەکەم و راهێنەر و یاریزانانی کە بوونە هاندەر و پشتیوانم لە ســەرکەوتنەکانم، هەروەها یەکێتیی بەرزکردنەوەی قورسایی لقی هەولێر و تاهیر سابیری بۆ هاوکاری بەردەوامی من.

**سێ ملوانکەی زێڕم لە پاڵەوانیەتییەکانی عەرەبی و ئاسیا بەدەستهێناوە**



# میسی

## بڕیارێکی دیکەی ئەنریکیی جێبەجێ نەکرد

ئەستێرەی ئەرژەنتینی یانەی بەرشلۆنە لیونێل میسی بووە جێی تێرامانی بەڕێوەبەری هونەری تیپەکەی لویس ئەنریکی کاتێك ئامادەی یاریگای یانەکەی بوو. لەمبارەیەوە رۆژنامەی سپۆرتی وەرزشی بڵاویکردەوە یاریزان میسی بۆ جارێکی تر پێچەوانەی بڕیارەکانی راهێنەرەکەی مامەڵەی کرد دوای ئەوەی بەڕێوەبەری هونەری تیپەکە پشووی بەسەرجەم یاریزانەکان دا لەمەشق و راهێنان، بەڵام لیونێل میسی ئامادەی یاریگای سیوتات ئیسپۆرتیڤا



## لویس ڤانگال:
## له داهاتوو تەنها متمانه به رونی ناکەین

بەڕێوەبەری هونەری یانەی شەیتانە سوورەکان لویس ڤانگالی هۆڵەندی دووپاتیکردەوە بۆ داهاتوو مەرج نیە بڕواو متمانە بەئەستێرەی یانەکە وێین رونی بکەین بەشێوەیەکی سەرەکی. هەروەها ڤانگال بۆ رۆژنامەنووسان ئاماژەی بۆئەوەکردووە لەداهاتوو متمانە ناکەینە سەر وێین رونی یان هەر یاریزانێکی تر ئەوەش بەمەبەستی بەدەست هێنانی هاوسەنگیە لەریزی یانەکە، چونکە تیپەکە هێشتا لە قۆناغی بونیاتنانەوەیە، بۆیە پشت بەستن بە رونی تەنیا بۆ هۆکاری هونەریە و دەمانەوێت لە شوێنێکی تری یاریگا سوودی لێوەربگرین. هەر لەدرێژەی قسەکانیدا ڤانگال وتی: ئەوجۆرە یاریزانانەم خۆش دەوێت کە دەتوانن لەچەندین شوێن لەنێو یاریگا یاری بکەن، بۆیە دەمەوێت و هەوڵ دەدەم ژمارەیەکی زۆر لەمجۆرە یاریزانانە بۆ مان یونایتد رابکێشم، چونکە یارمەتی هەر بەڕێوەبەرێکی هونەری دەدەن. لەکۆتایی قسەکانیدا ڤانگال ئاماژەی بۆئەوەکرد لەماوەی داهاتوو متمانە بەیاریزانە سەرکەوتووەکان دەکەین و ئەم هەنگاوە بۆ دوارۆژی تیپەکە زۆر باشە.



بوو بەمەبەستی ئەنجامدانی مەشق و راهێنان دوای ئەوەی لە یەکەی راهێنانی پێشوو ئامادە نەبوو کەبەپێی لێکدانەوەی چاودێران نامەیەکی روونە بۆ لویس ئەنریکی. ئەمەش لەکاتێکدایە دوای ئەوەی لەیەکەی راهێنانی پێشوو ئامادەی مەشق نەبوو واش بڵاوکردەوە بەهۆی ئاوسانی گەدەیەوە بووە، بەڵام بەپێی ئەو زانیاریانەی لەیانەکە دزەیان کردوە بەهۆی توورەبوونیەتی لە بڕیارەکانی راهێنەری یانەکە کە لەیاری ریال سۆسیداد لەسەر کورسی یەدەگ هێشتیەوە. لەلایەکی ترەوە راپۆرتە رۆژنامەوانیەکان بڵاویانکردەوە لیونێل میسی خۆشحاڵ و ئاسوودە نییە لەگەڵ بەرشلۆنە، بۆیە ئەگەری رۆیشتنی لێ دەکرێت بەرەو یانەی چیلسی. لەمبارەیەوە رۆژنامەی مارکای وەرزشی بڵاویکردۆتەوە نزیکبوونەوەیەك لەنێوان یاریزانی ناوبراو یانەی چیلسی ئینگلیزی هەیە.




## لەوانەیە داهاتووی کریستیانۆ لە خولی ئەمریکا بێت

خۆرخی میندیز بەڕێوەبەری کارەکانی ئەستێرەی یانەی ریال مەدرید و هەڵبژاردەی پورتوگال کریستیانۆ رۆناڵدۆ رایگەیاند ئەگەری ئەوە هەیە رۆناڵدۆ لەداهاتوو دەست بەرداری یانەی شاهانە بێت....لەمبارەیەوە پێگەی دیڤنسا سنتراڵ بڵاویکردۆتەوە ئەگەری ئەوە هەیە رۆناڵدۆ دەست بەرداری یانەی ریال بێت لەداهاتوو و بەرەو خولی ئەمەریکا بروات دوای بەکۆتا هاتنی گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەی ریال لە ٢٠١٨ هەرچەندە تەنیا خوا دەزانیت چی دەبێت تا ئەو کات. هەروەها خۆرخی میندیز روونیکردەوە خولی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەماوەی رابردوو ژمارەیەك زۆر ئەستێرەی بۆ ریزەکانی پەلکێش کردبوو لەوانە دێڤید بێکهام و تیری هنری و راول گۆنزالیس و یۆرگن کلینزمان، بۆیە بەدوور نازانرێت رۆناڵدۆش لەداهاتوویەکی نزیك بەرەو ئەم خولە بڕوات. ئەمە لەکاتێکدایە ژمارەیەکی زۆر لە راپۆرتە رۆژنامەوانیەکان دووپاتیان کردۆتەوە هەردوو یانەی مان یونایتد و پاریس سان جێرمان ئارەزوو دەکەن ئەو یاریزانە بۆ ریزەکانیان ببەن لەماوەی داهاتوو، بەڵام میندیز ئەم هەواڵانەی رەتکردەوە .